زانکۆی صلاحەدین – هەولێر

# شیکردنەوەیەکی توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناحیەی بەحرکە لە ساڵی ٢٠٢٢

پرۆژەی دەرچوونە پێشکەش بە بەشی (زانستی کۆمەڵایەتی) کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە (زانستە کۆمەڵایەتییەکان)دا


ئامادەکراوە لەلایەن:

**محمد مظفر پیرداود**

**سارا عمر محمود**

بەسەرپەرشتی :

**م . هۆشمەند جوهر عباس کارەش**


**٢٠٢٣ ز**

**ئەم  توێژینەوەیە پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی لە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام دان بۆ زیاتر بەرەو پێشبردن و هەڵکردنی چرای زانست و زانیاری لە هەرێمی کوردستان**

**- سوپاس و ستایش بۆ خوای باڵا دەست کە تەمەن و توانای پێ بەخشین بۆ کارکردن لەم توێژینەوە و بە کۆتا گەیشتنی .**

**- زۆر سوپاس و ڕێز و وەفاداریمان هەیە بۆ بەڕێز ( م. هۆشمەند جوهر کارەش ) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەی گرتە ئەستۆ بە تێبینی و سەرنج و زانیاریە زانستییەکانی ڕێنیشاندەرمان بوو ئەم ئەم توێژینەوەی زیاتر زانستیتر و بایەخدار کردووە .**

**- زۆر سوپاسی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکانمان دەکەین لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن پاڵپشتی ئێمەیان کردووە و بە تایبەتیش لەم قۆناغی خوێندن .**

**- سوپاس بۆ بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری هەولێر کە یارمەتی دەر بوون بۆ دەستکەوتنی داتاکان .**

**- سوپاس و پێزانینمان بۆ یەکە بەیەکەی ئەو مامۆستا و هاوڕێ خۆشەویستانە هەیە کە لە ماوەی نووسینی توێژینەوەکەمان دا یارمەتی دەرمان بوون ئەگەر تەنها بە وشەیەکیش بێت .**

**- سوپاس بۆ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی هەولێر زانکۆی سەلاحەددین بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان**

# پێشەکی

خزمەتگوزاری فێرکاری یەکێکە لە گرینگترین خزمەتگوزاریەکان و بۆ مانەوە وگەشەکردنی مرۆڤ و درێژە دان بە ژیانێکی باشتر لە کۆمەڵگەدا پێویستە ، لەگەل پێشکەوتنی شارستانیەتدا پێداویستی مرۆڤ بۆ فێربوون و زانین و گەران بەدوای زانستدا رووی لە زۆر بوون کرد ، فێربوونیش مافێکە پێویستە هەموو کەس هەیبێت و بۆیە بە پێداویستیەکی گرینگی دانیشتوان هەژمار دەکرێت لە هەر شوێنێک لە هەر کۆمەڵگەیەک بێت . بەهاو گرینگی ئەم خزمەتگوزاریە لەوەدایە کە جگە لە فێربوون پەروەردەش کارێکی سەرەکیتریەتی و لە رێگەی ئەم خزمەتگوزارییەوە مندالان و خوێندکاران فێردەبن لە تەمەنی باخچەی مندالانەوە تاکو قۆناغی پێش زانکۆش وا دەکات بیر و مێشکی مندالان و خوێندکاران بکرێتەوە بەرووی دەورووبەرەکەی و جیهانی دەرەوەشدا، بێگومان خزمەتگوزاریی فێرکاری خزمەتی هەموو کۆمەڵگە دەکات بە گشتی و ئەو گروپی تەمەنیش کە لە پرۆسەکەدا لە نێوان ٤-١٧ سالیدایە ، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین گروپی تەمەنی تر زۆر زیاتر لەوە بە پێشکەش کردنی زانست و زانیاری بۆ هەموو کۆمەڵگە بە گشتی و گروپی پێکهاتەی تەمەن لە رووی فێرکاریەوە بە تایبەتی ئەنجام دەدەن ، بۆیە لە رێگەی ئەم خزمەتگوزاریەوە دەکرێت گەشەپێدان لە کۆمەڵگەدا بەردەومی هەبێت و بە ئاراستەی باشتردا هەنگاو بنێت ئەمانەش پەیوەندی بە هێزی بە پێکهێنانی داهاتووەوە هەیەو دەکرێت ببەسترێنەوە بە سەرجەم لایەنەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و سیاسیشەوە خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر لە رووی پێکهێنانی قۆناغەکانیەوە جیاوازە ، لە هەرێمی کوردستانیشدا لەبەر رۆشنایی پلانی وەزارەتی پەروەردە و تایبەت بەم خزمەتگوزاریە و پاش بەدواداچونمان بۆ بابەتەکە بۆمان روون بۆتەوە کەوا ئەم خزمەتگوزاریە لە ناوچەی توێژینەوە قۆناغی باخچەی مندالان تاکو قۆناغی ئامادەیی (پێش زانکۆ) دەگرێتەوە . بۆیە ئێمەش بە هەمان شێوە پەیرەومان کردووە ، واتە تەنها ئەو باخچەو خوێندنگەیەمان وەرگرتووە کەوا لە چوارچێوەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمدان و باخچە و خوێندنگەی ئەهلی یاخود خوێندنگەی سەر بە حکومەتی عێراقیمان وەرنەگرتووە ، کەوا بەهۆی دۆخی سیاسیەوە ئێستا لە شارەکەدا خاوەنی چەند خوێندنگەیەکن .

**ئامانجی توێژینەوەکە :**

١ . دابەش بوونی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە ناوچەی توێژینەوە ( بەحرکە )

٢ . زانینی پەیوەندی نێوان خزمەتگوزاری فێرکاری چۆنیەتی گەشەکردنی لە ناوچەکەدا بە پێی چەند قۆناغێکی جیاواز.

٣ . هەڵسەنگاندی ئەم خزمەتگوزاریە لە ڕووی پێوەرەکانی پلاندانانەوە لەگەڵ بەراورد کردنیان بە هەندێک لە پێوەرەکانی پلاندانان .

**گرنگی توێژینەوەکە :**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانە دەخەینە ڕوو .

١ . خزمەتگوزاریەکان بە گشتی وخزمەتگوزاری فێرکاری بە تایبەت یەکێکە لە کەرتە هەرەگرنگەکان و ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشخستنی کۆمەڵگا و زیندوو ڕاگرتینان هەیە .

٢ . زیاتر گرنگیدان بە خزمەتگوزاری فێرکاری و هەروەها گەشەی شارەکەو دانیشتوان و فراوانبوونی شارەکەش پێویستی بەوە هەیە کەوا لە توێژینەوەی ورددا باسیان لێوە بکرێت .

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە :**

هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە حەزی توێژەران بۆ بابەتی خزمەتگوزاری بە گشتی و فێرکاری بە تایبەتی ، بە مەبەستی خزمەتکردنی ناوچەی توێژینەوە بەحرکە کە کەمتر لە سەنتەری شار گرنگی پێ دەدرێت کەمی توێژینەوە لەسەر ناوچەکەو بە تایبەتیش توێژینەوە لەسەر خزمەتگوزاری فێرکاری بە شێوەیەکی ورد هۆکاری سەرەکی بوون بۆ توێژەران بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە .

**کێشەی توێژینەوەکە :**

گرفتی توێژینەوەکە بڕیتیە لە نارێکی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە ( بحرکە ) بە تایبەت دوای زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان ، بوونی نارێکی لە دابەشبوونیان بە هۆی نەبوونی پلانی تایبەت بە دروستکردن و دامەزراندنی بینای نوێ هەروەها گەشەی دانیشتوان و لایەنی ئابوری و سیاسیش دەکرێت بە فاکتەرێکی تری ئەو دابەشبوونە نارێکە هەژمار بکرێت .

## گرفتەکانی توێژینەوەکە :

لەکاتی توێژینەوە لە بابەتێکی لەم جۆرەدا ، بە ئاسانی ئەنجام نادرێ بەڵکوو چەندین ئاستەنگ توشی توێژەر دەبێت لەوانە :

١ .کەمی سەرچاوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان ناوچەی توێژینەوە بە تایبەتی بە زمانی کوردی .

٢ .کەمی داتاو زانیاری لەسەر خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە ناوچەی توێژینەوە ( بحرکە ) بەتایبەت هاوکاری نەکردنی بەشێک لە لایەنی پەیوەندی دارەکان هەروەها ناڕوونی لە هەندێک لە داتا و زانیاریەکان لەسەر خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە ( بحرکە ) .

## گریمانەی توێژینەوەکە

١. ژمارەی خزمەتگوزاری فێرکاری لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان گونجاو نیە.

٢ .جیاوازی دابەش بوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لەسەر ئاستی گەرەکەکان و هاوتا نەبوویان بە یەکتر بە بەراورد بە پێوەرەکانی پلاندانان .

٣ .. شێوازی دابەش بوونی نارێکی خزمەتگوزاریەکان ئەمەش لە ئەنجامی گەشەی خێرای شارو بە هەند وەرنەگرتنی پێوەرەکانی پلاندانان .

## ڕێبازی توێژینەوەکە :

هەموو توێژینەوەیەک کە ئەنجام دەدرێت وا پێویست دەکات کەوا لەسەر ڕێبازێک یان چەند ریبازێکی زانستی بروات بە مەبەستی زیاتر سوود بەخشین بە بابەتی توێژینەوەکە ، لەم روانگەوە ئێمەش پشتمان بە بەکارهێنانی ریبازی ( وەسفی و بەراوردکاری و شیکردنەوە ) بەستوە ئەمە جگە لە بەکار هینانی هەندێک ئاماژەو پێوانی پلان دانانی تایبەت بە خزمەت گوزاری فێرکاریەکان لە ریبازی توێژینەوە .

## پلانی توێژینەوە :

سەبارەت بە پلانی توێژینەکەوەش بەم شێوەیە داریژراوە کە لە سێ بەش پێک هاتوە ... بەشی یەکەم کە لە دوو باس پێک هاتوە باسی یەکەم بەسەر دوو تەوەر دابەش کراوە تەوەری یەکەم باس لە ناساندنی وشەو زاراوە سەرەکیەکان دەکات و تەوەری دووەمیش باس لە تویژینەکانی پێشوو لەسەر هەمان بابەت دەکات هەروەها باسی دووەم ناساندی ناوچەی توێژینەوەیە لە ڕویی ڕەهەندی جوگرافی و ئەنسرۆمی .

بەشی دووەم باس لە دابەش بوونی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان دەکات بەسەر گەرەکەکان و قوتابیەکان بەسەر قوتابخانەکان .

بەشی سێیەم . باس لە هەڵسەنگاندی خزمەتگوزایە فێرکاریەکان دەکات بەسەر پێوەرکانی پلاندانن